هەرارگای خاتەمولئەنبیا: هەرش بکرێتە سەر وەستگەکانی ئێران، ژێرخانی وزەی لەناوچەکە وێران دەکەین

قەرارگای ناوەندیی خاتەمولئەنبیای ئێران دەڵێت، ئەگەر هەرش بکرێتە سەر وەستگەکانی وزەی وێاتەکەیان، ئەوانیش دەستەوەستان نابن و ژێرخانی وزە، نەوت و پیشسازی و تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیی ئیسرائیل و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا وێران دەکەن.

وتەبێژی قەرارگای ناوەندیی خاتەمولئەنبیای ئێران، ئەمڕۆ دوشەممە، لە راگەیەندراوەکی نوسراودا وتی، چەندین جار وتومانە کە گەروی هورمز تەنیا بە سوی دوژمن و هاتوچۆی زیانبەخشدا داخراوە و هەشتا بتەواوی دانەخراوە، تا ئێستا لەژێر کۆنترۆڵی زیرەکانەی ئەمدایە، هاتوچۆی بەزیان بەپێی ڕێکارە تایبەتەکان و بە گەرەنتیی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەم ئینجام دەدرێت.

وتەبێژی قەرارگای ناوەندیی خاتمولئەنبیای ئێران وتوشیەتی: لە ئێگەری جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی سەرۆکی ئەمریکادا سەبارەت بە وەستگەکانی وزەی ئێران، دەستبەجێ ئەم خاڵانەی جێبەجێ دەکەن:

1. گەروی هورمز بەتەواوی دادەخرێت و گەروەکە ناکەنەوە تا ئێو کاتی وەستگەکانی وزە کە هەرشیان کراوەتە سەر بونیاد دنرێنەوە.

2.هەمو وەستگەکانی وزە، ژێرخانی وزە و تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیی ژێمی زایۆنی بشێوێکی بەرفراوان دەکرێنە ئامانج.

3. هەمو ئێو کەمپانیا هاوشوانی لە ناوچەکەدا پشکی ئەمریکییان تێدایە، بەتەواوەتی وێران دەکەین.

4.وەستگەکانی وزەی ئێو وەاتانی ناوچەکە کە میوانداریی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکەن، دەبنە ئامانجێکی ڕەوای ئەمە.

جەختیشی کردەتەوە کە "هەمو شتێک بە جیهادێکی گەورە بە ئامانجی لێناوبردنی تەواوی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژاوای ئاسیا ئامادەیە."

ئەوەشی خستەڕو، ئەمە دەسپێشخەری شەڕ نەبوین و ئێستاش نابین، بەڵام ئێگەر دوژمن زیان بە وەستگەکانی ئەمە بگەیەنێت، بە بەرگریکردن لە وڵات و بەرژەوەندییەکانی گەلەکەمان دەست بە هەر کارێک دەبەین و پرسەکە بەبێ وچان بە لێناوبردنی ئێو ئامانجانەی ئاماژیان پێکرا دەستپێدەکات و هیچ شتێک ناتوانێت ڕێگری لە بەردەوامیی ئێپراسیۆنەکانمان بکات بۆ لێناوبردنی ژێرخانی وزە، نێوت و پیشەسازیی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا."